Tiedote tuberkuloosista: kurdi

**ئەم نامیلکەیە  لەلای خۆت هەڵگرە**
**ئەم نامیلکەیە نیشانی پزیشکەکەت یان پەرستارەکەت بدە**

# زانیاری ڕاگەیاندن دەربارەی نەخۆشی سیل و پشکنینی نەخۆشی سیل.

**مەبەست لە پێدانی ئەم نامیلکەیە چیە؟**

لە وڵاتی فنلەندادا سیل نەخۆشیەکی دەگمەنە. بە چارەسەری دروست و گونجاو توانراوە نزیکەی بەتەواوەتی لەناوببرێت. تۆ لە وڵاتێکەوە هاتویت، کە کە تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك توشی نەخۆشی سیل دەبن. تۆ دەکرێت توشی ئەم نەخۆشیە ببیت و بە بێ ئەوەی بە خۆت بزانیت بڵاوی بکەیتەوە لە ناو کەسانی نزیك و دەوروبەرتدا. بە مەبەستی پاراستنی تەندروستی خۆت و کەسوکارت و هەروەها کەسانی دەوروبەریشت، زۆر گرنگە ئەگەر هەستت بە بونی نەخۆشییەکە کرد لەکاتی خۆیدا چارەسەربکرێت.

لە فنلەندادا هەوڵ دەدرێت پارێزگاری لە تەندروستی کەسانی کۆچبەر بکرێت، لەبەر ئەوەی تۆ بەتەمایت زیاتر لە سێ مانگ لە فنلەندا بژیت، ئەوا مافی ئەوەت هەیە بە خۆڕایی پشکنینی سییەکانت بۆ بکرێت لە ڕێگەی گرتنی وێنەی تیشکی سییەکانەوە. فەحسەکە واتە پشکنینەکە ئارەزومەندانەیە. لە ڕێگەی وەرگرتنی وێنەی تیشکی سییەکانەوە  دەتوانرێت بزانرێت کە ئایا لەناو سییەکانتدا هیچ گۆڕانکاریەك یان نیشانەیەکی نەخۆشی سیل هەیە.

**پشکنینی سی یەکان بە تیشکی  ئێکس ( ئەشیعەی سیییەکان)**

بونی نەخۆشی سیلی سییەکان زۆربەی جار دەتوانرێت لەڕێگەی پشکنینی سییەکانەوە بە تیشکی ئێکس، بزانرێت.  ئەم پشکنینە سەلامەتەو بێ مەترسییە. ئافرەتی دووگیان دەبێت هەواڵی دووگیانی خۆی ڕابگەیەنێت لە پێش کردنی ئەم پشکنینە (ئەشیعەکە). ئافرەتی دووگیان کە هیچ نیشانەیەکی نەخۆشییەکەی نەبێت، لە مانگەکانی کۆتایی سك پڕیەکەیدا ئەم پشکنینەی بۆ دەکرێت.

ئەشیعەی سینگ بۆ هەر کەسێك لە بنکەی تەندروستی سەربە ئەو ناوچەیەی کە لێی دادەنیشێت، دەگیرێت. ئەم پشکنینە بۆ ئێوە بەخۆڕاییە. ئەگەر شتێکی نائاسایی لە پشکنینەکەدا بە دی بکرێت ئەوا پەیوەندیتان پێوەدەکرێت و پشکنینی ترتان بۆ ساز دەکرێت.

**بەزوترین کات ناوی خۆتان بنوسن بۆ کردنی پشکنینی سییەکان بە تیشکی ئێکس.**

ئەم نامیلکەی زانیارییە نیشانی کارمەندی بەشی ئەشیعە بدە لە بنکەی تەندروستی یان نەخۆشخانە.

---

**نیشانەکانی نەخۆشی سیل کامانەن ؟**

گرنگترین نیشانەکانی نەخۆشی سیلی سییەکان بریتی یە لە کۆکەیەك کە زیاتر لە سێ هەفتە بخایەنێت و کە دەکرێ بگۆڕڕێ بۆ کۆکەیەکی بەڵغەماوی. لە گەڵ هەر کۆکەیەکدا دەکرێ بەڵغەمێکی زەردباو یان قاوەیی باو یان خوێناوی هەبێت. لە گەڵ بەرەو خراپ چوونی نەخۆشییەکەدا تووشی هەناسەتەنگی و ئازاری سینگ دەبێت.

ئەو کەسەی کە تووشی نەخۆشی سیل دەبێت، تای بەرز دەبێتەوە، لاواز دەبێت ( کێشی لەش دادەبەزێت) و دەکرێ شەوانە ئارەقێکی زۆر بکاتەوە. بە گشتی تەندروستی خراپ دەبێت و ئارەزوی خواردنی کەم دەبیتەوە. دەکرێت نیشانەی تریشی لێ دەربکەوێت بە گوێرەی ئەوەی چ بەشێك لە ئەندامەکانی لەشی تووشی نەخۆشییەکە دەبێت.

ئەگەر منداڵ توشی ئەم نەخۆشیە ببێت ، ئەوا زۆر جار گەشەو گەورەبوونی دوادەکەوێت (سست دەبێت).

**چی دەکەیت ئەگەر بێتو نیشانەکانی نەخۆشی سیلت هەبێت یان لە داهاتوودا تووشی ئەو نیشانانە ببیت؟**

بەپەلەو بێ دواکەوتن پەیوەندی بکەن بە بنکەی تەندروستی سەر بە ناوچەی نیشتەجێ بوونتان. پشکنینی پزیشك زۆر گرنگە و بە خۆڕاییە بۆ ئێوە. زانیاری دەربارەی ئەنجامی پشکنینەکان ناگاتە دەست فەرمانگەی تایبەت بە کاری کۆچبەران.

**نەخۆشی سیل چی یە؟**

توشبوون بە نەخۆشی سیل خەتای هیچ کەسێکی تێدا نیە، بەڵکو ئەمە نەخۆشیەکی درمە( واتە لە کەسێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کەسێکی تر). هۆی توشبوون بە نەخۆشیەکە، توش بوونە بە بەکتریای سیل. بە گشتی نەخۆشیەکە توشی سیەکان دەبێت، کە بەشێك لە سیەکان توشی هەوکردن دەبێت و لەوێوە بەکتریاکە دەگوێزریتەوە بۆ خوێن یان بە هۆی شلەی مژراوی ناو لەشەوە دەگوێزرێتەوە بۆ بەشەکانی تری لەش، وەکو لیمفەگرێ کان و ڕیخۆڵەکان و پێست یان ئەندامی دەماری ناوەند(مێشك و دڕکەمۆخ) . نەخۆشی سیل دەکرێت لە هەمان کاتدا توشی سیەکان و هەر ئەندامێکی تری لەش ببێت.

**چۆن نەخۆشیەکە دەگوێزرێتەوە؟**

نەخۆشیەکە لە ڕێگەی هەواوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوێزرێتەوە. کاتێك توش بوو بە نەخۆشیەکە قسە دەکات یان گۆرانی دەڵێت یان دەکۆکێت یان دەپژمێت، بەکتریاکە بە ناو هەوادا بڵاو دەبێتەوە. لەو کاتەدا بەکتریاکە لە ڕێگەی هەناسەدانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ناو سی یەکانی کەسێکی تر، کە لەهەمان ژووردابێت. بەو شێوەیە دەکرێ ئەو کەسانەی کە ماوەیەکی درێژ لەگەڵ نەخۆشەکەدا دەمێننەوە یان لەگەڵی دەژین، توشی نەخۆشیەکە ببن. گەورەترین مەترسی بۆ توش بوون بە نەخۆشیەکە لە سەر ئەو کەسانەیە، کە ئەندامی هەمان خێزانن و لەگەڵ نەخۆشەکە دەژین.

**کێ توشی نەخۆشی سیل دەبێت؟**

لە دە کەس، کە بەکتریای نەخۆشیەکەیان هەڵگرتبێت، تەنها یەك کەسیان توشی نەخۆشیەکە دەبن. ئەو کەسانەی کە بە ئاسانی توشی نەخۆشیەکە دەبن بریتین لە منداڵانی خوار تەمەن پێنجساڵ و گەنجی گەورەساڵ و کەسانی بە تەمەن پیر و ئەو کەسانەی ، کە جەستەیان لاوازە واتە بەرگری لەشیان لاوازە بەرامبەر نەخۆشی.

**ماوەی چەند دەخایەنێت تاکو بەکتریاکە لەلەشدا دەگۆڕێت بۆ نەخۆشی سیل؟**

ئەگەر منداڵێکی خوار تەمەن پێنج ساڵ ڤاکسینی دژی نەخۆشیەکە وەرنەگرتبێت، ئەوا دەکرێ دوای چەند هەفتەیەك یان مانگێك دوای توش بوون بە بەکتریای نەخۆشیەکە، توشی نەخۆشیەکە ببێت. وە لەوانەشە بە خێرایی توشی ببێت. کەسێکی گەورەساڵ، کە هیچ نەخۆشیەکی سەرەتایی نەبێت، ئەوا وەك باوە لە ماوەی یەك بۆ دوو ساڵدا لە دوای توشبوون بە بەکتریای نەخۆشیەکە، توشی نەخۆشیەکە دەبێت. وە دەکرێ کەسێك لە دوای دەیەها ساڵ لە توش بوون بە بەکتریاکە توشی نەخۆشیەکە ببێت. لەبەر ئەوە هەردەم نیشانەکانی نەخۆشی سیلت لەبیر بێت.

**لەکوێ و چۆن نەخۆشی سیل پشکنینی بۆ دەکرێت؟**

پشکنینەکان لە بنکەی تەندروستی یان لە بەشی تەندروستی سەر بە خوێندنگاکانە و یان لە بەشی تەندروستی سەر بە فەرمانگەکانە. وە پشکنینەکانی دواییش لە نەخۆشخانە دەبێت. بە نسبەت منداڵەوە لە بەشی نەخۆشیەکانی منداڵان یان بەشی پشکنینی منداڵاندا پشکنینی بۆ دەکرێت. بە نسبەت گەورەساڵانەوە نەخۆشی سیلی سیەکان لە بەشی نەخۆشیەکانی سینگ و سی یەکان یان پۆلی کلینیکدا پشکنین و چارەسەریان بۆ دەکرێت.

ئەگەر بێتو گومان بکرێت لە توش بوون بە سیلی سیەکان، ئەوا پێش هەموو شتێك پشکنین بۆ سی یەکان دەکرێت بەهۆی تیشکی ئێکسەوە و فەحسی بەڵغەمی کەسە دەکرێت، بەشێوەیەك کە بەڵغەمەکە دەبەن بۆ تاقیگە و لەوێ زەرع و پشکنینی تری بۆ دەکرێت. هەروەها دەتوانرێت لە کاتی پێویستدا پشکنینی خێرا بۆ بەڵغەمەکە بکرێت لە ڕێگەی کردنی تێستێکەوە لە سەر بناغەی ناسینەوەی جینی سیل.

هەندێك جار وا پێویست دەکات کە بۆریەکانی سی و هەناسە بە ( وردبین، برۆنکۆسکۆپ) سەیر بکرێت ( نازور)، وەیان وێنەی بە تیشکی بڕگەیی بگیرێت( تیشکی سینی) . ئەگەر پشکنین بۆ نەخۆشی سیل بکرێت لە ئەندامێکی تری لەشدا جگە لە سی یەکان، ئەوا شێوازو ئامرازی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت بۆ پشکنینی نەخۆشەکە. جگە لەمەش هەوڵ دەدرێت لە ئەندامە نەخۆشەکەی لەش پارچەیەك یان بەشێکی تەڕ وەربگیرێت بۆ فەحس کردنی.

**چۆن سیل بە دەرمان چارەسەر دەکرێت؟**

نەخۆشی سیل بە دەرمان چارەسەر دەکرێت. دەرمانەکە بە لایەنی کەمەوە لە چوار دەرمانی جیاواز پێك دێت. ماوەی چارەسەرکردنی نەخۆشی سیل بە لایەنی کەمەوە شەش مانگ دەخایەنێت. توش بوو بە نەخۆشیەکە بە باشی چاك دەبێتەوە، ئەگەر بێتو نەخۆشیەکە بە زوویی دەستنیشان بکرێت و لە کاتی خۆیدا چارەسەر بکرێت. چارەسەری نەخۆشی سیل لە فنلەندادا بەباشی دەست دەکەوێت و هەروەها بە خۆڕاییە.

**بۆ زانیاری زیاتر لەسەر نەخۆشی سیل ئەم سایتە بخوێنەرەوە.** www.tuberkuloosi.fi